# بەیانیەی مانگرتنی سنە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد

خەڵکی بەشەرەف ،ڕێکخراوە سیڤیلەکان و رێکخراوە پارێزەرەکانی مافی مرۆڤ

"شوانەی قادری " هاووڵاتی مەهابادیمان بە کردەوەیەکی نایاسایی و نامرۆڤانە کوژرا. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خەڵکی شارەکانی مەهاباد ،سەردەشت، مەریوان و شارەکانی تر،دەنگی نارەزایەتی خۆیان دژ بەم جەنایەتە دەربڕی ،بەڵام بەداخەوە بە سەرکوت و گیران و ناردنە زیندان وڵامیان درایەوە. کوشتن و سەرکوت کردن و گرتنی خەڵک، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکانی ئەوانە. میدیاکانی ئێران لە بەرامبەر ئەم جەنایەتەدا بێدەنگن ،بەڵام ویژدانی گشتی ئاگایە وناتوانە ئەم جەنایەتانە قبووڵ کات.
سەرکوتی خەڵک و شاردنەوەی ئەم جەنایەتانە کارێکی نامرۆڤانە ونا یاساییە و دەبێ راوەستێ.ئەمنییەت و ئاسایش و ژیان مافی هەموو شارۆمەندانی ئەم کۆمەڵگایە.**مافگەلی سەرەتایی خەڵکی زەحمەتکێش وچەوساوەی کوردستان دەبێ بپارێزرێ و بە ڕەسمی بناسرێ و نابێ بە هیچ بیانوویەک مافی ڕەوای گەلەکەمان پێشێل بکرێ.**

ئێمە پشتیوانی خۆمان لەدەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک لە سەرجەم شارەکاندا ڕادەگەیەنین و نارەزایەتی خۆمان بە شێوەی مەدەنی دەردەبڕین و تا گەیشتن بە داخوازیەکانمان بەردەوام دەبین:

1- ئێمە خوازیاری دادگایی کردنی ئاشکرای ئەو کەسانەین کە شوانە و گەنجەکانی تریان کوشتوە.
2- خوازیاری ئازادی هەموو زندانییەکان و دەسگیر کراوەکانی شارەکانی مەریوان ،سەردەشت ،مەهاباد، شنۆ و باقی شارەکانین.
3- ئێمە خوازیاری لابردنی فەزای سەرکوت وترس و ئەشکەنجە و هەڵاواردن لە گشت شارەکانین.
4- لە سێدارە دانی منداڵانی ژێر هەژدە ساڵی شاری مەشهەد بە پێشیل کردنی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵان دەزانین و مەحکوومی دەکەین.

لە رێکخراوەگەل و کەسایەتی و چالاکانی کۆمەڵایەتی ،کولتووری و سیاسی و رێکخراوەگەلی مافی مرۆڤ داوای پشتیوانی دەکەین بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانمان.

مانگرتوەکانی شاری سنە
نوێنەرانی رێکخراوە ناحکوومیەکانی سنە